# پیرۆز بێت ۳۱ی جۆزەردان رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

۳۱ی جۆزەردان ساڵرۆژی گیانبەختکردنی هاوڕێی ماندویی نەناس و تێکۆشەر، «سەعید موعینی» ناسراو بە «خانە»یە. کاک خانەی موعینی یەکەمین پێشمەرگەی کۆمەڵەیە کە دروست سی ساڵ لەمەوپیش گیانی خۆی لەپێناو ئامانجە بەرز و ئینسانییەکانی، لەپێناو ئازادی و سوسیالیسم، لەپێناو نەهێشتنی زوڵم و بێداد و روخانی قەڵای زۆرداریدا بەخت کرد. هەر بەم بۆنەوە ۳۱ی جۆزەردان لە مێژووی کۆمەڵەدا بە رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە ناودێر کراوە و هەموو ساڵێک لەم رۆژەدا بەتایبەت رێز دەگیردرێ لە یادی ئازیز و خۆشەویستی هەموو ئەو تێکۆشەرانەی ریزەکانی کۆمەڵە کە گیانی خۆیان لە پێناو رێباز و ئامانجی رزگاریخوازانە و عەداڵەتویستانەی کۆمەڵەدا بەختکرووە. هەروەها رۆژی ئەمەگناسی و رێزگرتنە لە تێکوشانی بێوچان و ماندوبوونی هەموو ئەو پێشمەرگە و ئینسانە تێکۆشەر و شۆڕشگێڕانەی ناو ریزەکانی کۆمەڵە کە بەشێک لە تەمەنی خۆیان بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجە بەرزوپیرۆزانە تەرخان کردووە و بۆی تێکۆشاون. لەگەڵ ئەوانەشدا دەرفەتێکە بۆ ئاوڕدانەوە لەو قۆناغ و بارودۆخانەی کە تێپەڕێندراون، وردبوونەوەیە لە کەموکوڕیەکان و بەراوردکردنی دەستکەوتەکان، پێداچونەوەیە بە سەر راستییەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگا و هەڵسەنگاندنی داخوازییەکان و لێکدانەوەی پێداویستییەکانی رۆژە، هەتا بە بەرچاوروونییەکی گەشتر و دیدوبۆچوونێکی پوختەتر و خاراوتر و بە ئاسۆیەکی روونتر هەنگاوەکانی داهاتوو ببردرێ و باشتر بە پێی سوننەت و رێوشوێنە جێکەوتوو و پربایەخەکانی کۆمەڵە رێگای بۆپێشەوە بپێورێ.

کاک خانەی موعینی ژیانێکی کەم بەڵام بەبایەخ و پربەهای تێپەڕاند. شۆڕشگێڕێکی کارلێهاتووی دەورانی سەختی تێکۆشانی نهێنی بوو. نمونەیەکی بەرچاو بوو لە ئازایەتی و راوەستان لە بەرامبەر ئازار و ئەشکەنجەی ناو گرتووخانەکانی رژیمی پاشایەتی و پارێزەرێکی بەجەرگی نهێنییەکانی هەڵسووڕانی  رێکخراوەیی کۆمەڵە بوو. «کاک خانە» پاش دەربازبوون لە گرتووخانە و دەرکەوتنی سەرەتاکانی خەباتی روو لە گەشەی جەماوەریی لە ئێران و کوردستان، بۆ ئەنجامدانی راسپاردە و ئەرکێکی تەشکیلاتی رووی لە کوردستانی عیراق کرد و بە داخێکی گرانەوە پاش ماوەیەک و لە رۆژی ۳۱ی جۆزەردانی ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاویدا لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوتنە بۆسەی بەکرێگیراوانی رژیمی فاشیستی و سەرکوتگەری بەعس و گیانی لەدەست دا و بوو بە سەرقافڵەی کاروانی هەرگیز نەمری گیانبەختکردوانی کۆمەڵە.

هەشت مانگ دوای ئەم رووداوە دڵتەزێنە بەشێکی گرینگ لە ئارەزوکانی کاک خانە هاتە دی و دامودەزگای رژیمی سەرەرۆی پاشایەتی کەوتە بەر سێڵاوی رق و تووڕەیی شۆڕشگێرانە و جەماوەریی لە سەرانسەری ئێران و کوردستان و ئەو سیستمە گەنیوە ڕاماڵی زبڵدانی مێژوو کرا.

بە تێکتەپینی ئەم کۆسپە گەورەی سەر رێگای رەوتی هەڵدان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵات، دەلاقەیەک بۆ رزگاربوونی وزەی جەماوەریی لە تاریکستانی خەفەقان و ئیستبداد کرایەوە. لەم دەرفەتەشدا کۆمەڵە - ئەو رێکخراوە نهێنییەی کە بە رەنج و ماندویەتی دەیان کادری وەک «کاک خانە» سەرکەوتوانە سەردەمی خەباتی نهێنی و بەخۆداهاتنی تێپەڕاندبوو - تێکۆشانی ئاشکرا و روو لە گەشەی خۆی دەستپێکرد. ئیتر سەردەمێکی نوێ و بنیاتنەر بۆ کۆمەڵە هاتبووە پێش و مەیدانێکی بەرینی سیاسی و جەماوەری کرابووەوە تا بەکردەوە دەورونەخشی خۆی بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و چەسپاندنی دەستکەوتەکانی شۆڕش و سازماندان و رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگادا بگێڕێ.

هێشتا شەپۆلی خرۆشانی خەڵکی راپەڕیوو لە دژی دامودەزگاکانی پاشایەتی نەنیشتبووەوە، هێشتا چل رۆژ لە سەرکەوتنی کۆمەڵانی ستمدیدە و ئازارچێشتووی کوردستان تێنەپەڕیبوو کە دەسەڵاتدارانی نوێ بە ئاڵای ئیسلامییەوە کەوتنە بروبیانوو لە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و زمانی ئاگر و ئاسنیان خستە گەڕ بۆ پاشەکشێ کردن بەم خەڵکە و ئەستاندنەوەی دەستکەوتەکانی شۆڕش. هەر لەم رۆژانەوە جارێکیتر گەرای یەکەم بیرۆکەی بەرگری جەماوەری لە دژی زۆرویژی و پاوانخوازی دەسەڵاتدارانی نوێ لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا  چرۆی کرد.

کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە شێلگیرترین هێزی سیاسی بوو کە قۆڵی بۆ سازدان و ڕێکخستنی بەرگری و موقاومەتی جەماوەری هەڵماڵی و هەر لێرەشەوە بوو کە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە وەک باسکێکی چەکدار و بەتوانای ئەو بەرگریی جەماوەرییە سەری هەڵدا، تا داکۆکی لە داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بکات، تا پارێزەری ماف و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان بێ، تا دیفاع لە بەرژەوەندی، ماف و داخوازییەکانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی مەینەتدیتوی کوردستان بکا و لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و سوسیالیستیدا تێبکۆشێ.

ئەمە سیمای جووڵانەوەیەکی عادلانە و ڕاستەقینەی خەڵکی بەشمەینەت و ستەملێکراو بوو کە پێی نابووە قۆناغێکی تازەوە، بە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی خۆیەوە. نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی، دەستەبەربوونی ئازادییە دموکراتیک و کۆمەڵایەتییەکان، ڕاماڵینی هەژاری و دواکەوتوویی، بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی عادڵانە و ئینسانیی دوور لە چەوساندنەوە، هەوێنی سەرەکی ئەو جووڵانەوە ڕەوا و عادڵانەیە بوو کە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستانی هێنابووە ناو مەیدانی بەربەرەکانێیەکی دەستەویەخەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی دژ بە دەسەڵاتدارانی کۆنەپارێزی کۆماری ئیسلامی.

کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی بەدەربەست و بەمشور، هەستی بە هەموو ئەو ڕاستییانە دەکرد و دەرکی بە جەوهەری ڕاستەقینەی ئەو جووڵانەوەیە، ویست و داخوازی  و پێویستییەکانی دەکرد و هەموو هەوڵ و توانای خۆی بۆ ڕێکخستن، بەرەوپێش‌بردن و قووڵترکردنەوەی ئەو جووڵانەوەیە خستە گەر. کۆمەڵە بە ڕوانگەی سوسیالیستییەوە بانگەشەی بنیاتنانی دنیایەکی ئازاد و ئینسانی دەکرد، لێبڕاوانە خوازیاری سڕینەوەی جیاوازی و ستەمی نەتەوەیی بوو، خوازیاری نەهێشتنی داب و یاسای کۆن و ریسای باوک مەزنی بوو، یارمەتیدەری ڕاستەقینەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بوو، نوێنەری ڕاستەقینەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کرێکار و فەلا و هەژار و چەوساوە بوو، بانگەشەی دۆستایەتی و هاوپێوەندی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان و باقی شوێنەکانیتر و لێک نزیکبوونەوەی هەموو هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێرانی دەکرد. هاودەم و هاوراز و یارمەتیدەری کۆمەڵانی خەڵکی فەقیر و هەژار بوو، بە تەنگ خۆشی و ناخۆشیەکانیانەوە بوو، لە زمانیان دەگەیشت و ئاگاداری قووڵایی ڕەنج و مەینەتییەکانیان بوو، هیچ مەیدانێکی ژیانی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگا نەبوو کە خۆی لێ ببوێرێ... هەر ئەم بەشداری ڕاستەقینە و بەکردەوەیە لە هەموو بوارەکانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون کە کۆمەڵە و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەی کردە هێزێکی خاوەن متمانە، حاشا لێنەکراو و بەرینی کۆمەڵایەتی لە ناو مەیدانی سیاسی کوردستان و ئێراندا.

ڕەورەوەی ئەم ڕەوتە و ئەم قۆناغە نوێیە زیاتر لە سی ساڵە بەڕێوەیە. ئەم دەستپێک و درێژەدانە هەروا بە حاسان نەچۆتە پێش، لەم ماوەیەدا خەباتێکی سەخت و دژواری پڕ لە هەوراز و لێژ بەڕێوە چووە و گەلێک ئەزمون و دەستکەوتی مێژوویی پڕبایەخی بە شوێن خۆیدا هێناوە کە هەمیشە جێگای کەڵک و دەرس‌لێوەرگرتنن. لەگەڵ ئەوانەشدا کۆڵێک ئاستەنگ و "خەساری بێگەڕانەوە"ش هاتوونەتە سەر ڕێگا، گەلێک کەموکوری و لێکدابڕان و چەندبەرکی، پەرتەوازەیی و لادان لە سوننەت و ڕێوشوێنە گرینگ و جێکەوتووەکانی کۆمەڵەش سەریان هەڵداوە کە تا ڕادەیەک دەتوانین بڵێین کۆمەڵەیان لەو جێگا و شوێنە شیاو و ڕاستەقینەیەی خۆی دوور خستۆتەوە و دەتوانێ زەبر لە متمانەی جەماوەری کۆمەڵە بدات. ئەمەی ئێستا ئەمڕۆ لە گۆڕێدایە چارەنووسێکی نەگۆڕ نیە، دەکرێ لە پێناو چەسپاندن و پاراستنی هەموو ئەو دەستکەوتە مێژووییانەی کە بە خوێن و ئارەقە و ماندویەتی هەزاران ئینسانی لەخۆبردووی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ هاتوونەتە دەست، هەوڵی جیدی بدرێ بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی پەرتەوازەیی و زاڵبوون بەسەر هەموو ئەو دژوارییانەی کە ئیشارەیان پێکرا.

ئەمڕۆ ڕەوتی کۆمەڵە بە گشتی بۆ تێپەڕاندنی ئەو کۆسپانە بەر لە هەر شتێک پێویستی بە یەکانگیری و لێک‌نزیک بوونەوەیە. کردنەوەی درگای دیالۆگ و ئەنجامدانی کار و سیاسەتی هاوبەشە. گەڕانەوەیە بۆ سەر سوننەت و ڕێوشوێنی شۆڕشگێڕانە و خۆنەویستیی و هەستی هاوڕێیەتی جارانە. ئەمڕۆ ئەم پێویستییە گرینگییەکی زیاتر لە هەمیشەی پەیدا کردووە و بەرپرسیارتییەکی گەورەی دوور لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و تاقمەیی دەخاتە سەر شانی هەموو لایەک.

ڕەوتی ڕوداوەکانی ئەم چەند ڕۆژانە و هاتنە سەر شەقامی سەدان هەزار کەس لە کۆمەلانی خەلکی نارازی لە تاران و شارە گەورەکانی ئێران دژ بە دەسەلاتی پاوانخوازانەی «ولایەتی موتلەقەی فەقیە» و بەرزبوونەوەی هاواری «نەمان بۆ دیکتاتۆر» پێویستی ئەو نزیک بونەوەی نەک هەر لە ناو ڕەوتی کۆمەڵە بەلکو لە ئاستێکی بەرینتری هێزە سیاسییەکانی بەرەی ئوپوزیسیونیشی چەند قات کردوتەوە. ئەو ڕووداوانە نیشانەیەکی ئاشکران بۆ هاتنە گۆڕی بارودۆخێکی نوێ و پێکهاتنی گۆڕانێکی تازە لە پارەسەنگی هێزە سیاسی و کۆمەلاتی و جەماوەریەکانی سەحنەی سیاسی ئێران، کە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا بێوێنەیە. ئەگەرچی هێشتا ئەمە وەرچەرخانێکی یەک لایی کەرەوەی دژ بە دەسەلاتی ملهوڕانەی ئیسلامی نیە، بەلام ئەم باروزروفە بۆ ئەوە نابێ بە ناو و بە بیانوی ئەوەی کە «ئەمە کێشە و سناریوی لە پێشدا ئامادەکراوی باڵەکانی ڕژیمە و پێوەندی بە ئێمەوە نیە!» چاوی لێ غافڵ بکرێ. ئەم باروزروفە ئامادەگی، خۆرێکخستن، وشیاری و وردبینییەکی زۆری دەوێ. تەنیا جەماوەری یەکانگیر و هاودەنگ دەتوانن دەرفەتە مێژووییەکان بە باشی بقۆزنەوە و کەلکی مێژوویی لێ وەربگرن.

پیرۆز بێت ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

بەرز و بەرێز بێت یادی ئازیز و خۆشەویستی هاوڕێ «خانەی موعینی» و هەموو گیانبەختکردوانی کۆمەڵە

مەرگ و نەمان بۆ ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی.

٣٠ی جۆزەردانی ١٣٨٨

فراکسیونی فەعالییەت بەناوی کومەلە